نابێت کەسێک کەسێکی تر هەستێنێت لە دانیشتەکەیەدا، پاشان خۆی لە شوێنی ئەو دابنیشێت، بەڵکو بۆشایی دروستبکەن وبڵاو ببنەوە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت کەسێک کەسێکی تر هەستێنێت لە دانیشتەکەیەدا، پاشان خۆی لە شوێنی ئەو دابنیشێت، بەڵکو بۆشایی دروستبکەن وبڵاو ببنەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە دوو لە ئادابەکانی دانیشتنی تێدایە: 1/ نابێت کەسێک کەسێکی تر هەستێنێت لە دانیشتەکەیەدا، پاشان خۆی لە شوێنی ئەو دابنیشێت، لەکاتێکدا کەسی یەکەم لە پێش ئەو هاتووە وشایستەترە بەو شوێنە مەگەر بە ڕەزامەندی خۆی ڕێگەی پێبدات وشوێنی خۆی بۆ چۆڵ بکات. 2/ پێویستە ئەوانەی ئامادەن شوێن چۆڵ بکەن بۆ ئەو کەسەی دێت بۆئەوەی شوێنێکی هەبێت تێیدا دابنیشێت لە نێوانیاندا، خوای گەورە دەفەرموێت: {يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمۡ تَفَسَّحُواْ فِي ٱلۡمَجَٰلِسِ فَٱفۡسَحُواْ يَفۡسَحِ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ} [المجادلة: 11] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە کاتێك پێتان ووترا لە کۆڕ ودانیشتنەکاندا جێگە بکەنەوە (وفراوانی بکەن) ئێوەش فراوانی بکەن خودا پاداشتی ئێوە دەداتەوە وە کاتێك پێتان ووترا هەستن، ئێوەش هەستن، خواش پلە وپایەی ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە لە ئێوە کە بڕوایان هێناوە وە ئەوانەی کە زانستیان پێبەخشراوە بە چەند پلەیەک (پلەیان بەرز دەکاتەوە) وە خوا شارەزایە بەوەی دەیکەن}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5350